ئاسایشی هەولێر عەلی مام بەکری تیکتۆکچی دەستگیر کرد



بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی تیکتۆکچییەکی ناسراوی شارەکەی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد، دەستگیرکردنەکە بە فەرمانی دادوەر و بە تۆمەتی تێکدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی ناڕازایەتی لای هاووڵاتیان بووە.

چوارشەممە 11ـی شوباتی 2026، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد، کە هەزکانیان بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، عەلی مام بەکر، تیکتۆکچیی ناسراوی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکانیان دەستگیر کردووە.

لێبارەی هۆکاری دەستگیرکردنەکە، ئاسایش ڕوونی کردووەتەوە کە ناوبراو تۆمەتبارە بە خراپ بەکارهێنانی ئامرازکانی پەیوەندی و هێرشها تێکدانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئەو ناوەندکانی بڵاوی کردوونەتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، ئەو تیکتۆکچییە هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆیەک

کە بووەتە هۆی دروستبوونی ناڕازایەتی لەلایەن هاووڵاتیانەوە، بەیە ەکاری یاسایی بۆرانبەر گیراوەتە بەر.